

گوڵستان ئەحمەد
یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی:

# خەونم ئەوەیە ببم بە پاڵەوانی جیهان و ببم بە باشترین ڕاهێنەری وەرزش

لە قەزا و ناحیەکانی شارەکانی کوردستان یارییەکانی لەشجوانی و زوومبا و ئایرۆبیك و بەرزکردنەوەی قورسایی بوونەتە یەکێك لەو یارییانەی کە خانمان بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕووی تێ دەکەن، بۆ ئەوەی هەم حەز و خولیا وەرزشییەکانیان بەجێ بهێنن، هەمیش ببنە خاوەن لەشێکی ڕێك، لە ئێستاشدا ئەم یارییە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرەسەندن دایە و ئافرەتانیش بە شێوەیەکی زیاتر لە جاران ڕوو لەم وەرزشەکە دەکەن، قەزای ڕانیەش یەکێکە لەو شارانەی کە خانمان زیاتر ڕوو لە وەرزشی لەشڕێکی و بەرزکردنەوەی قورسایی دەکەن. گوڵستان ئەحمەد یەکێکە لەو ئافرەتە وەرزشکارانەی کە ڕاهێنەر و یاریزانە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٤ی قەزای ڕانییە و یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی و فوتساڵیشە، ئێستا ڕاهێنەریشە لە هۆڵی لەشڕێکی ڕۆیال جێم، ئەم یاریزانە یاری بۆ یانەکانی ڕانیە و چوارقوڕنە کردووە، ئێمەش سەبارەت بەم وەرزشە لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێکرد، ئەویش وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی ■



*** هاتنت بۆ ناو ئەم وەرزشە چۆن بوو؟**

- من لە تەمەنی هەشت ساڵییەوە لە تیپی کازیوەی رانییە دەستم بە وەرزش کردووە لە یاری تۆپی پێ، بەهۆی خۆشەویستیم بۆ وەرزش چوومە پەیمانگەی پەروەردەی وەرزشی، دواتریش بەهۆی خۆشەویستم بۆ یاری ئاسان، هاتمە نێو ئەو بوارە و لە چەندین پاڵەوانێتیی عێراقی و کوردستاندا ئەنجامی بەرچاوم بەدەست هێناوە، لە پەیمانگەش یەکەمەکانی سەر ئاستی قوتابیان بووم و دواتریش بووەم بە راهێنەری هۆڵی لەشرێکی.

*** چۆن بوو ئەم وەرزشەت هەڵبژارد، کە زیاتر یارییەکە لە هێزە و ئاسن پێکهاتووە؟**

- لە سەرەتاوە حەزو ئارەزووم بۆ ئەم وەرزشە هەبوو، لە ئاست و توانای خۆشم رادەبینی، بۆیە ئەم وەرزشەم هەڵبژارد.

*** ئایا ئەم وەرزشە بۆ خانمان تا رادەیەك قورس نییە؟**

- راستە قورسە، بەڵام ئازایی و برِوابەخۆبوونی دەوێت.

*** لە یەك کاتدا دوو وەرزش ئەنجام دەدەیت، هەڵگرتنی قورسایی و لەش جوانی، لەکامەیاندا سەرکەوتووتریت؟**

- لە هەردوو بوارەکە سەرکەوتوم، لە بەرزکردنەوەی قورسایی و لەشجوانیشدا، لە یەك کاتدا گرنگی بەهەردوو وەرزشەکە دەدەم و ئەنجامی باشیشم هەبووە.

*** پێشوازی کردنی ئافرەتان لەم یارییە لە چ ئاستێکدایە؟**

- بەراورد بە ساڵانی پێشوو ئەم وەرزشە لەلایەن کچانەوە پێشوازیی باشتری لێ کراوە، ساڵانەش کە پاڵەوانێتی دەکرێتەوە، رێژەیەکی زۆر لە کچان بەشداریی تێدا دەکەن.

*** ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- ئاستی ئەم یارییە وردە وردە بەرەوپێش دەچێت و زیاتر خەڵك هەوڵدەدەن و بەشداری دەکەن.

*** چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

-کاتێك هەست دەکەیت کچێك بەتوانایە، یان حەزی وەرزشی هەیە، دەبێ هاندەرێکی باشبیت بۆی و باسی وەرزشەکە و چۆنیەتیی پاڵەوانیەتییەکانی بۆ بکەیت، ئەوەش وا دەکات متمانە بەخۆبوون دروست بکات لای کچان.

*** وەکو کچە یاریزانێك بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە؟**

-بەرنامەی داهاتووم ئەوەیە خۆم ئامادە بکەم بۆ پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، تەنانەت خەونی بەشداریکردنی پاڵەوانێتیی جیهانیشم هەیە.

*** بەنیازی لە چەند پاڵەوانیەتیەك بەشداری بکەیت، ئایا چاوت لە چییە؟**

- لە شەش پاڵەوانێتیدا بەشداریم کردووە، ئێستاش خەریکی ئامادەکاریم بۆ پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو، جگە لە بەرزکردنەوەی قورسایی بەشداری خولی فوتساڵی کچانیش دەکەم و یاریزانی یانەی چوارقورنەم.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیتەوە؟**

- گرفتی ئەم یارییە بە رێژەی بەرچاو خێزانی یاریزانەکانن کە زۆرجار رێگرن لە بەردەم خانمان، گرفتێکی دیکە ئەوەیە کە سپۆنسەر نییە بۆ یاریزان تا بتوانن ئاستی باشتر نیشان بدەن.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

-خەونم ئەوەیە ببم بە پاڵەوانی جیهان و ببم بە باشترین راهێنەری وەرزش، تا چەندین پاڵەوان دروست بکەم.

*** وەکو راهێنەرێك بەنیازی ئەوە نیت تیپێکی کچان دروست بکەی؟**

- زۆر حەز دەکەم تیپێکی کچان لە هەولێر دروست بکەم کە تیایدا باشترین یاریزانەکان ئامادەبکەم بۆ پاڵەوانێتییەکانی جیهان.

*** کێ هاوکاریت دەکات بۆ ئەم وەرزشە؟**

- خانەوادەکەم زۆر هاوکارمن و بە بەردەوامی لە سەرکەوتنەکانم پشتگیرییان کردوم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- سوپاسی ستافی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ئەو دیمانەیە، بەهیوای سەرکەوتنی بەردەوام بۆ گۆڤارەکەتان، کە هەردەم لەخزمەتی وەرزشدا بووە.

# دیبالا
# هەوڵی ڕۆیشتن دەدات



گرێبەستی دیبالا لەگەڵ خانمە پیرەکە لە هاوینی ٢٠٢٢ تەواو دەبێت، بەڵام هەردوولا لە گفتوگۆدان بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستی یاریزانەکە.

میدیای بەریتانیا پێشهاتێکی نوێی لەبارەی داهاتووی پاوڵۆ لەگەڵ یوڤێ بڵاوکردووە و دەڵێت، یاریزانەکە بیر لە بەجێهێشتنی یۆڤانتوس دەکاتەوە، لەکاتێکدا سەرەڕای ئەوەی ساڵی ٢٠١٩ یانە ئیتالییەکە رازیبوو بە فرۆشتنی، بەڵام ئەو یاریزانە نەرۆیشت و مانەوەی هەڵبژارد.

دیبالا لە گواستنەوەی هاوینی ٢٠١٩ لەلایەن مانچستەر یونایتد و تۆتێنهامەوە داوادەکرا، بەڵام یاریزانەکە بڕیاریدا گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەکەی تەواوبکات.

بەڕێوەبەری کارەکانی دیبالا، ئەو یاریزانەی خستووەتە بەردەم یانەکانی، مانچستەر یۆنایتد. چێڵسی، لیڤەرپوول، مان سیتی، تۆتێنهام و ئارسیناڵ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا گرێبەستی لەگەڵدا واژۆبکەن.

راپۆرتە رۆژنامەڤانییەکان دەڵێن، یانەکان هیچ هەنگاوێک بۆ گواستنەوەی ئەو یاریزانە نانێن، تاوەکو بە فەرمی ویستی خۆی بۆ بەجێهێشتنی یوڤێنتوس پیشاننەدات.

# کێشە لەسەر میراتی
# مارادۆنا دروست دەبێت



دابەش کردنی سەروەت و سامانی دییگۆ مارادۆنا ئەفسانەی تۆپی پێ ئەرژەنتین بووەتە کێشەیەکی گەورە و چاوەڕێش دەکرێت کاتێکی زۆری بوێت، دوای مردنی چەند کەسێک هاتوون و دەڵێن منداڵی ئە فسا نە کە ی ئەرژەنتین و بریاریشە پشکنینی DNA بۆ بکرێت و داوای سەروەتی خۆیان دەکەن، لە هەمان کاتدا دییگۆ لە چەندین وڵاتی جیهانی سەروەتەکەی پەرت و بڵاو بووە و کۆکردنەوەی وا بە ئاسانی نابێت.

مارادۆنا سەروەت و سامانێکی زۆری بە دوای خۆیدا بە جێهێشتووە، هەندێک دەڵێن نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن دۆلارە و هەندێکیش بە ١٠٠ ملیۆن دۆلار دەیخەملێنن، ئەوەی کە ئاشکرایە ئەفسانەکەی ئەرژەنتین سەروەتێکی خەیاڵی لە پاش خۆی بەجێهێشتووە و ئێستاش منداڵەکانی چاوەڕێ دابەش کردنی دەکەن.

هۆکاری سەرەکی لەبەردەم دابەش کردنی ئەو سەروەتەی مارادۆنا، پەرت و بەڵاویە، دییگۆ بێجگە لە ئەرژەنتین، لە مۆناکۆ، دوبەی، سینالۆا، مینیسک و هەروەها هاڤاناش هەژمارەی بانکی هەیە و کۆکردنەوەی ئەم هەموو سەرەوەت و سامانە کاتێکی زۆری دەوێت، چونکە هەر وڵاتێک

یاسای خۆی هەیە و وا بە ئاسانی رادەستی کەس و کارەکەی ناکەنەوە.

هۆکارێکی دیکەش ئەوەیە تاوەکو ئێستا نازاندرێت مارادۆنا چەند منداڵی یاسایی هەیە، مارادۆنا تاوەکو ئێستا خاوەنی پێنج منداڵی یاسایی خۆیەتی، بەڵام دەگوترێت ئەو خاوەنی شەش منداڵی



دیکەشە، کە لە ئیسپانیا و کوبا دەژین و لە ساڵانی رابردوو زۆر کەس هەبوون، کە گوتوویان مارادۆنا باوکیانە.

چەند منداڵێک لە رێگەی پشکنینیDNA بۆیان سەلمێندراوە، کە باوکیان مارادۆنایە، بۆ نمونە لە ساڵی٢٠٠٣ دییێگۆ جۆنیۆری٣٤ ساڵان دوای ئەنجامدانیDNA ئەوەی سەلماند، کە مارادۆنا باوکیەتی، هەر چەندە پاش چوار ساڵ ئەفسانەکەی ئەرژەنتین دانی بەوەنا کە جونیۆر کوڕی ئەوە.

دییێگۆ ئەرماندۆ ماڕادۆنا پێشتر مۆندیالی ١٩٨٦ـی بۆ هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بردووەتەوە، لە رۆژی ٢٥ نۆڤێمبەری مانگی رابردوو لە نێو ماڵەکەی خۆی لە تەمەنی ٦٠ ساڵی بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد.



# هالاند
# دەچێتە ریال مەدرید

مینۆ رایۆلا، بەڕێوەبەری کارەکانی ئێرلینگ هالاند، هێرشبەری نەرویجی و یانەی بروسیا دۆرتموند لەبارەی داهاتووی ئەو یاریزانەوە قسەدەکات.

ناوی هالاند بەهۆی ئەو ئاستە بەرزەی پێشکێشی دەکات بە یانەی ریال مەدریدەوە بەستراوەتەوە، لەکاتێکدا گرێبەستەکەی لەگەڵ دۆرتموند تاوەکو هاوینی ٢٠٢٤ دەبێت.

رایۆلا لەو بارەیەوە دەڵێت، ئەمە شتێکی نوێ نییە، نامەوێت قسە لەبارەی مەرجی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی هالاند بکەم، ئەو دەنگۆیانەشی، کە باسی گواستنەوەی هالاند بۆ ریال مەدرید دەکەن بۆ من شتێکی تازەنییە.

بەڕێوەبەری هێرشبەرە ٢٠ ساڵەکە زیاتر گوتی، هالاند ئیبراهیمۆڤیچم لە تەمەنی ٢٠ ساڵیدا بەبیر دەهێنێتەوە، ئەو لە دۆرتموند هەست بە دڵخۆشی دەکات و دەیەوێت نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا بباتەوە، بۆ ئەوەش چووەتە یانەکە نەک لە پێناو پارەدا.

لەبارەی ئەوەی، کە ئۆلێ گونار سۆلشایەر، راهێنەری مانجیستەر یونایتد گواستنەوەی هالاندی رەتکردبووە مینۆ رایۆلا دەڵێت، ئۆلێ کەسێکی باشە، بەڵام هەڵەبوو کە گوتبووی هالاند وەک لوکاکویە، بەرای من پێویستە ئەو بەدوای ڕێگەیەکدا بگەڕێت بۆ ئەوەی سوود لە پۆگبا وەربگرێت، نەک قسە لەبارەی ئێرلینگەوە بکات.

ئێرلینگ هالاند لە زستانی رابردوودا لە یانەی ریدبوڵ سالزبۆرگی نەمسابییەوە پەیوەندیی بە دۆرتموندەوە کرد، هەر زوو هەموانی بە ئامارەکانی سەرسامکرد، لەم وەرزەشدا بە تۆمارکردنی ٦ گۆڵ رکابەری لەسەر پێشەنگی گۆڵکاری خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دەکات، لە خولی ئەڵمانیاشدا خاوەنی ١٠ گۆڵە، بەڵام بەهۆی پێکانەوە تاوەکو ساڵی نوێ یاری ناکاتەوە.




# چەمچەماڵ چاوی لە ئەنجامی شایستەیە

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی چەمچەماڵ ئەم وەرزە جارێکی دیکە گەڕایەوە ریزی یانە نایابەکانی کوردستان، دوای ئەوەی توانی بە پاڵەوانی خولی پلەیەکەکانی کوردستان دەستنیشان بکرێ، لەم وەرزەشدا تیپەکە بە سەرپەرشتیی راهێنەری یانەکە (هەرێم کەلاری) دەستی بە ئامادەکارییەکان کردبوو، بۆ دەستپێکی وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی کوردستان، راهێنەری یانەکەش دەڵێت کە چاومان لەوەیە ئەنجامی شایستە تۆماربکەین بۆ چەمچەماڵ. لەم بارەشەوە (هەرێم بورهان) راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی چەمچەماڵ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەر چەندە لە دوای تەواو بوونی خولی پلەیەکی کوردستان من تەنیا بۆ ماوەی یەك مانگ لە یانەی چەمچەماڵ دووركەوتمەوە، دواتر ئیدارەی یانەکە داوایەکیان پێشکەش کرد، جگە لەوەش یاریزانان و هاندەران پێیان باش بوو جارێکی دی بگەڕێمەوە یانەکە، چونکە لە ئێستادا پێویستییان پێمە، بۆیە منیش بەوپەڕی شانازی و خۆشحاڵییەوە داواکەیانم قبوڵ کرد و بۆ ساڵی سێیەم لەسەریەك من دەست بەرکاربوومەوە، پلان و بەرنامەمان ئەوەیە کە بتوانین ژمارەیەکی قورس بین لە خولی نایابی کوردستان، تا بتوانین کێبڕکێیەکی باش بکەین لە خولەکە و هەوڵی ئەوەش بدەین کە بۆ قۆناغی داهاتووش سەربکەوین و یەکێك بین لەو شەش یانە سەرکەوتووەی قۆناغی داهاتوو»، دەربارەی گرێبەستەکانیش هەرێم گوتی: «سێ بەشی یاریزانەکانمان یاریزانانی دوو ساڵی رابردوون لەگەڵ تیپەکە، ئەو یاریزانانەی تازەش هاتوون شەش بۆ حەوت یاریزان دەبن کە لە تیپەکانی دیکەوە هاتوون بۆ ریزی یانەی چەمچەماڵ، سەرجەمیان یاریزانی باش و ئاست بەرزن، هەوڵی ئەوەش دەدەین کە ئەگەر یانەکەمان لە توانای دابوو بتوانین یەك تا دوو یاریزانی پیشە گە ر ی بیانی بهێنینە ریزی تیپەکەمان، بۆ ئەوەی بتوانین ئاست و ئەنجامان شایستە بێت لە خولەکە، لە ئێستادا جگە لە گۆڵپارێزەکەمان کە دوو وەرزە لەگەڵمانە، هیچ یاریزانێکی دیکەمان لەگەڵ نییە، بەم یاریزانانە هەوڵی ئەوەدەدەین کە ئەنجامان بەدڵی هاندەران و کارگێڕیی تیپەکەمان بێت، خولی کوردستانیش ساڵانە چەندین یانەی بەهێزی تێدایە و کێبڕکێ لەسەر پلەکانی پێشەوە دەکەن، ئێمەش وەکو ستافی راهێنەران ئەوەی لەتوانامان بێت بۆ سەرخستنی یانەکە و بەرەوپێشبردنی، درێخی ناکەین و چاومان لەوەیە کە ئەنجامی گەورەمان لە خولەکەدا هەبێت».



# رزگاری چاوی لەگەیشتنە بە خولی نایابی کوردستان

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی رزگاری ئەمساڵ بەشداری لە یارییەکانی خولی پلەیەکی یانەکانی کوردستان دەکات، لە کۆمەڵەی یەکەمی خولەکە لە سنووری تیپەکانی پارێزگای سلێمانی و کەرکووك شان بە شانی هەریەك لە یانەکانی سەید سادق و هەڵەبجەی شەهید و ئاشتی و ئاڵتوونکۆپری و خانەقین شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە دەکات، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ راهێنەری پێشووی یانەی دەربەندیخان (هۆگر عەبدولا عەزیز) مۆر کردووە، بۆ ئەوەی ئەم وەرزە سەرپەرشتیی مەشقی یانەکە بکات لە خولی پلە یەکی یانەکانی کوردستان، لەم بارەشەوە مامۆستا هۆگر عەبدوڵڵا بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەفەرمی لەگەڵ یانەی رزگاری گرێبەستم کردوە و بەفەرمی جگە لە رزگاری هیچ یانەیەکی دیکە گفتوگۆی لەگەڵ نەکردووم، بۆ ئەم ئەرکەی یانەی رزگارییش من بەخۆشحاڵییەوە ئەم ئەرکەم وەرگرتووە، تەنیا بە مووچەی مانگانە، ئامانجی منیش لە وەرگرتنی ئەو پۆستە تەنیا خزمەتکردنی ئەو شارە خۆشەویستەیە، وەکو راهێنەریش ئامانجی ئێمە ئەوەیە تیپەکە سەربخەین بۆ خولی پلە نایابی یانەکانی کوردستان، ئامادەکاریی پێویستمان کردووە بۆ ئەوەی بتوانین ئاست و ئەنجامی باش لە خولەکە پێشکەش بکەین، هەندێك کەم و کوورِیمان لە یاریزاناندا هەیە و هەوڵی ئەوەش دەدەین کە ئەوانیش بە یاریزانی باش پڕ بکەینەوە، تا بتوانین کاری باش بۆ یانەکە بکەین، خوای گەورە پشتیوانمان بێت دەمانەوێ تیپەکە سەربخەین بۆ ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان»، لە بارەی هێنانی یاریزانانیش مامۆستا هۆگرعەبدولا گوتی: «بەنیازی ئەوەین لە داهاتوودا دوو یاریزانی پیشەگەر بهێنین بۆ ئەوەی بتوانین لەم کۆمەڵەیە خۆمان سەربخەین، ئەوەی لە توانای ئێمەدا بێت وەکو ستافی راهێنەران ئەنجامی دەدەین، بۆ ئەوەی یانەی رزگاری یەکێك بێت لە تیپە بەهێزەکانی ئەم وەرزەی خولی پلە یەکی کوردستان، کە خاوەن جەماوەر و یاریزانی بەتوانایە.



# ڕێکخراوی ژیما
# ئەکادیمیای خەونی وەرزشی دروست دەکات

ڕێکخراوی ژیمای وەرزشیی پارێزگای سلێمانی ساڵانە چەندین چالاکیی وەرزشیی جۆراوجۆری هەیە بۆ پێشخستنی تیپەکانی باسکە لە ڕێکخراوی ژیمای وەرزشی، ئەمساڵیش لە سەرەتای ساڵی تازەوە پلانی ئەوەیان داناوە ئەکادیمیای خەونی وەرزشی دابمەزرێنن و چالاکییەکانیان بەرفراوان بکەن و ئاستی کچان تێپەڕێنن و کوڕانیش بگرێتەوە، هەر چەندە ژیما زیاتر لە ١٤٠ کچە یاریزانی لە تیپی باسکت بۆڵی لە خۆ گرتووە، بەڵام بەرپرسانی ڕێکخراوەکە پلانی گەورەیان لە دەستە بۆ بەرفراوانکردنی تیپەکان، لەم بارەشەوە دکتۆر رزگار رەئوف سەرۆکی ڕێکخراوی ژیما ڕاهێنەری هەڵبژاردەی باسکەی کچانی عێراق بۆ گۆڤاری گوڵان گوت: «ئێستا ئێمە وەکو ڕێکخراوی ژیما ئەکادیمیای خەونی وەرزشیمان دامەزراندووە و لە سەرەتای ساڵی تازەوە دەست بە کارەکانمان دەکەین، پێمان وایە ئەو زەوییە تازەیەی کە وەرمانگرتووە، هەموو شتێکی تەواو بووە، تەنیا زەوییەکەی ماوە، کە تارتان، یان تەختە بکرێ، ئەگەر ئەویش تەواو بکەین تیپی کوڕانیش دادەمەزرێنین لە ئەکادیمیاکە، بەڵام وەکو ڕێکخراوی ژیما کە پەروەردەی کچ دەکات، وەکو لایەنی ژینگەیی وکۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی و جەستەیی و هونەری باسکت بۆل، پڕۆژەی داهاتوومان ئەوەیە کە هەڵبژاردەی باسکەی عێراق بەهێز بکەین بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکانی کوڕان، بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامی باش لە ئاستی نێودەوڵەتی بەدەست بهێنین»، لە بارەی گرفتە داراییەکانیشیانەوە دکتۆر رزگار گوت: «ئێمە لە ساڵی ٢٠١٦ ـە وە بەرگەمان گرت و بەرامبەر ئەو هەمووە ئاستەنگییە وەستاینەوە لە هەموو لایەك، ئێستاش پەنا بەخوا ناكەوین، نەك ئاستەنگی داراییمان هەیە بگرە ئیفلاسمان کردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەر ئومێدێك هەیە کە پرۆژەکانمان بەردەوام بێ بە حکومی ئەوەی ئەو هەموو خێزانە و کچە وەرزشوانەمان لە دەورە زیاتر لە ١٤٠، ئێمە چاوەڕوانین بارودۆخی عێراق باش ببێت و ببینە یەکێك لە ڕێکخراوە هەرە چالاکەکانی عێراق لە بواری ژینگەیی و وەرزشی و بوارەکانی دیکە، گرنگ ئەوەیە ژیما بەردەوامبێت، ئێستا کە ئەم ئەکادیمیای خەونی وەرزشییەمان دامەزراندووە، دەبێتە سیمبوڵی وەرزشی باسکە و وەرزشەکانی دیکە لە عێراق.



